موتەبیعی وردەکاری کۆبوونەوەی ئینجومەنی وەزاری ئاسایشی نیشتمانی بڵاودەکاتەوە

ئینجوومەنی وەزاری ئاسایشی نیشتمانی بە سەرکایەتیی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان و محەممەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ چوارشەممە پەداچوونەوەی هەماهەنگییەکانی بە پەرەسەندنەکانی دەستدرێژیی زایۆنیستەکان بۆ سەر کەماری ئیسلامی ئێران ئەنجامدا. هەروەها باس لە ئامادەکارییەکان بۆ یادی عاشورا کرا.

وتەبێژی فەرماندەی گشتی سوپای نوعمان لە ڕاگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە:- سەرکی ئینجومەنی وەزیران ، فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان محەممەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ چوارشەممە، سەرپەرشتی کۆبوونەوەی ئاسایی ئینجومەنی وەزاری بۆ ئاسایشی نیشتمانی کرد.

لە کۆبوونەوەکەدا پەداچوونەوەی هەماهەنگییەکانی بۆ پێشهاتەکان و کاردانەوەکانی دەستدرێژییەکانی زایۆنیستەکان بۆ سەر کەماری ئیسلامی ئێران کرا، هەروەها لایەنە ئەمنی و سەربازییەکان شیکارییەکی وردی پێشهاتەکان و وڕدەقی کارکردنیان خستەڕوو کە چەند پێشنیارێکی لەخۆگرت، لەوانە بردەوامی بنیاتنانی هێزی سەربازی و بەهێزکردنی تواناکانی بەرگری لەگەڵی سیستەمێکی بەرگری ئاسمانی پێشکەوتوو و سەردەمیانەوە و بردەوام بوون لە کارکردن لە بوارەکانی هەواگری و ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا.

هەروەها لە کۆبوونەوەکەدا پێداچوونەوە بۆ هەوڵە دیپلۆماسییانە کرا، کە عێراق لە کاتی دەستدرێژیەکاندا داوێتی تا ڕێککەوتن لەسەر ئاگربەست، جگە لە پێشکێشکردنی کورتییەک لەبارەی میکانیزمەکانی بڕپڕچدانەوەی قێرانەکان، کە لایەن ناوەندی نیشتمانییەوە بۆ بەڕێوەبردنی قێران و کارەساتەکان پێشکێشکرا، بە هاوکاری لەگەڵ هەردوو وەزارەتی تەندروستی و بازرگانی و فەرماندەیی ئێپێراسیۆنەکانی بەغداد.

هەر لە کۆبوونەوەکەدا باس لە بارودۆخی ناوچەکە و مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو دەرئەنجامە چاوەڕوانکراوەکان کرا، و دانانی چارەسەری خێرا بۆ هەوادان و قەستنەوەی هەر بارودۆخێک، و ووبەووبوونەوەی هەر هەوڵێک کە هانی ململانێی تائیفی و وتاری دووبەرەکی لە سۆشیال میدیا و پلاتفۆرمەکانی دیکە بدات.

لەبەشێکی تری کۆبوونەوەکەدا باس لە ئامادەکارییەکان کرا بۆ یادکردنەوەی شەهیدبوونی ئیمام حسێن سەلامی خوای لێ بێت لە ڕۆژی دەی موحەڕەمدا.